# سۆران و بابان



ئازاد جندیانی

دیسانەوە ئەمەوێ لە سەر سۆران بنووسم، بەڵام ئەمجارەیان سەبارەت بە ئەمارەتی سۆران کە ناوی قەزاکەو ناوچەکە لە خۆشەویستی ئەمارەتەکەوە هاتووە. ئەمارەتی سۆران (١٨٣٧زاینی) هاوڕۆژگاری چەند ئەمارەتێکی تری کوردستانە کەسنووریان لێکگەڕاوەتەوە، ئەمارەتی بابان(١٨٤٢) و بادینان (١٨٤٣) و هەروەها ئەمارەتەکانی هەکاری و بۆتان و بتلیس و ئەردەڵان و موکریان ولوڕستان بووە، بەڵام کارلێك و ململانێ و شەڕو شۆڕی لە گەڵ بابان و بادیناندا هەبووە، ململانێی نێوان سۆران و بابان مەسەلەیەکی مێژوویی گرنگە کە ئەهێنێ و بگرە پێویستیشە پتر لە گێرانەوەی ڕووداوەکان ئەو پەیوەندییە پڕ لە ململانێیەی نێوان ئەو دوو ئەمارەتە بە میتۆدێکی بەراووردکاریانە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێ، چونکە وا پێدەچێ ئەو دوو ئەمارەتە کاریگەرییەکانیان تا ئەمڕۆش بەسەر دوو ناوچەکە جێهێشتبێ ، چونکە دوو ئاراستەو ڕەوتی جیاوازیان هەبووە، ئەمارەتی بابان بۆتە لانکەی دوو دیاردەی گرنگ کە کاریگەریان تا ئێستاش ماوەو بەردەوامیش ئەبێ، یەکەمیان بنیاتنانی شێوەزمانێکی زاڵ کە لە سەردەستی سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی) هاتۆتەدی و لەو ڕۆژە بەدواوە بۆتە شێوەزاری ستاندار لانی کەم لە کوردستانی عیراق و بەشی زۆری کوردستانی ئێران ، دووەمیشیان دروستکردنی شاری سلێمانیە کە بیروڕای مێژوونووسان لە سەر ئەوەیە کە دامەزراندنی سلێمانی ئامانجێکی سیاسی – ئابووری لەپشت بووە، هەر لەو بارەوە گرنگە ئاماژە بە بۆچوونێکی نوێ بدەم ئەویش ئەوەیە کە ئەمارەتی بابان توانی دەستەبژێرێکی ڕووناکبیری سیاسی لەو وەختەوە تا ئەمڕۆش دابین بکا.لە بەرامبەردا ئەمارەتی سۆران تێڕامانی ستراتیژی خۆی لە سەر بناغەی فیکری ئیسلامی و پەرەپێدانی ئەو فیکرەو پێداویستیەکانی فەرمانڕەوایییەکی توندوتۆڵ لەسەر بناغەی ئەمارەتێکی سەربازی خاوەن تەکنەلۆژیای ئەو سەردەمە و قەڵاو ڕێگاوبان وئاودێری و چەکسازی دارشتبوو، ڕەنگە هێندە بەس بێ بۆئەوەی ئەو مەسەلەیە بورووژێنم کە دە دوازدە ساڵێك لەمەوبەریش ورووژاندم و کەس بەدوامدا نەهات .

قسەکانیشم بەوە قفڵ ئەدەم داخۆ ئەو جیاوازیانە لە لێووردبوونەوەو بەدواداچوونی زۆرترو زانستیانە وەڵامی ئەو پرسیارەمان نەداتەوە کە جیاوازیەکانی ئێستای ناوچەکانی ئەو دوو ئەمارەتە بۆ ئەو جیاوازییانەی ئەوسا ناگەڕێنەوە؟